الاتحاد العام للاجئين العراقيين

**فیدراسیونی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی**

INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQ REFUGEES-IFIR

# ناردنەوەی 52 پەنابەری کورد بۆ فرۆکەخانەی سلێمانی لایەنگری یەکێتی نیشتمانی و حکومەتەکەی بۆ سیاسەتی بەزۆر دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران لەلایەن وڵاتە ئەوروپاییەکانەوە، ئاشکرا کرد!

سەرلەبەیانی ڕۆژی 16–6 دوای ئەوەی کۆماندۆکانی وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا هەڵیان کۆتایە سەر ژمارەیەك لەو گرتووخانانەی کە پەنابەرانی کوردی تیا ڕاگیرابوون و دوای ئەوەی کەبە شێوەیەکی ئەوپەری نائینسانیانە ،پەنابەرانیان بەزۆر و بەکەلەپچەکراوی لە فرۆکەخانەی ستاستێدەوە لەپرۆسەیەکی سەربازیدا و بەبەشداری زیاتر لە 100 کۆمۆناندۆ وبەزۆر و ئازاردانەوە توانیان 52 پەنابەری کورد سواری فڕۆکەیەکی ئەڵمانی بەرەو کوردستان بەرێ بکەنەوە. ئەمە هەنگاوە لەکاتێکدایە کەپێشتر و بەرلەڕوودانی ئەم کردەوە سەربازییە، فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی بەتەواوی تواناوە تێکۆشا بۆبەرگرتن لەدیپۆرتکردنەوەی ئەم پەنابەرانە وبۆئەمەش دەست بەجێ هەواڵەکەی بەڕای گشتی و ژمارەیەکی زۆر لە حزب و لایەن و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ گەیاند و ڕاستەوخۆش بۆدەربرینی نارەزایەتی و خستنەڕووی داوای ڕاگرتنی ئەم کردەوە سەربازیە بەلایەنە پەیوەندی دارەکانی حکومەتی بەریتانیاو نۆێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پەیوەندی گرت بۆئەوەی ڕێگاچارەیەك بدۆزرێتەوە تا پەنابەران لەهەرجۆرە هەوڵێك بۆ ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران رزگاربکرێ. بەتایبەتیش دوای ئەوەی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لەڕیگای بلاۆکراوەی "هاولاتی" و "ڕادیۆی نەوا" وە دەزگا بەرپرسەکانی حکومەتی هەریم و هەردوو حزبی دەسەلاتداری کوردستانمان لە هەوالی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران بۆ کوردستان ئاگادار کردەوە و داوامان لێکردن کە لەمەوقعی بەرپرسیاریتیەوە بەژیانی ئەم 52 وپەنابەرە هەڵوێست بگرن و هاوکاری بەسەرەنجام گەیشتنی کردەوە سەربازیەکەی حکومەتی بەریتانیا بە ناردنەوەی پەنابەرە کوردەکان نەکەن.

بەڵام سەرەڕای ئاگادار بوونی پێشوەختی ئەم ڕووداوە و سەرەڕای داواکردنی فیدراسیۆن لەنوێنەری حکومەتی هەرێم، کەچی بەپێچەوانەی قازانج و بەرژەوەندیەکانی پەنابەران و خێزانەکانیانەوە ئەم حزبانە و دەسەڵاتەکەیان دەستیان نەپاراست و کەوتنە هاوکاری و ڕێگا خۆشکردن بۆ حکومەتی بەریتانیا ولەناردنەوەی پەنابەرانی کورددا بەشداریانکرد.

ئەوەشی لەم نێوەدا ئاشکرابوو ڕۆلی یەکیتی نیشتمانی و دەزگای ئاسایش و فرۆکەخانەکەیەتی، بەتایبەتی بەدوای ئەوەدا کەپارتی دیموکراتی کوردستان و کاربەدەستانی حکومەتەکەی نەیتوانی بەهۆی کۆبوونەوەی نارەزایەتی کەس و کار و خیزانی پەنابەرە نێردراوەکانەوە ئەمجارەش وەك جارەکانی تر فرۆکەخانەی هەولێر بخاتە خزمەتی سیاسەتی گێرانەوەی پەنابەرانەوە وفرۆکەکەش ڕێگای فرۆکەخانەی سلیمانی گرتەبەر و لەلایەن دەزگای ئاسایشی سەربەیەکتی نیشتمانیەوە پێشوازی لیکرا.

بیگۆمان ئەم هاوکاری وبەشداربوونەی یەکیتی نیشتمانی کوردستان لەکاتیکدایە کەئەم حزبە و سەرانی ئەوەیان لەنیو تەلەفزیۆن و دەزگاکانی راگەیاندن ولەدیدارەکانیاندا بەگوێی خەڵك و ڕای گشتی دا داوە کە لەگەڵ ناردنەوەی پەنابەرن نین و ئەم تاوانەیان دەخستە ملی پارتی دیمکراتی کوردستان و بگرە بیئاگایی وبێبەری خۆیان لەو ڕێکەوتنە ژیربەژیرەی حکومەتی هەرێم لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا بۆناردنەوەی پەنابەرانی کورد و عێراقی ئیمزایان لێداوە. ئاشکرایە وەرگرتنەوەی ئەم 52 پەنابەرە بۆ سلیمانی بەبێ هیچ کاردانەوەیەکی یەکیتی نیشتمانی و حکومەتەکەی ئیتر هیچ شکو گۆمانێك

ناهێڵێتەوە لەهاوکاری و ئاسانکاری ئەم حزبە دەسەڵاتەدارانە بۆ یاری کردن و ساتو سەوداکردن بەژیان و چارەنووسی هاولآتییانی کوردستانەوە. ئەم ڕووداوە دیسانەوە ئەوە ئاشکرادەکات کە یەکیتی و پارتی سەرەڕای هەر پشیوی و ناکوکیەیەکی نێوانیان بەڵام لەبەرامبەر ژیرپێنانی ژیان ومافەکانی خەڵکی کوردستاندا هەمیشە یەکدەست و کۆکن. ئەوان ئامادەن هەموو پەرەیەکی سپی ئیمزا بکەن لەپێناو نیشلندانی پرۆسەی بەناودیمکراسی وبونی ئاسایش لەکوردستاندا بۆ بەرژەوەندی و قازانج سود و سەرمایە و بەرزکردنەوەی کوشکو تەلاری زیاتر لەسەر حسابی خەڵکی محرومی کوردستان.

یەکتی نیشتمانی کوردستان بەو هەڵویستەی ئاشکرایکرد ئەوانیش هاوشانی پارتی نەك هەر ژیان گوزەرانی پەنابەران تێك ئەدەن بەڵکو دەست دەخەنە بینی سەدان خیزان لەکوردستانو محرومیان دەکەن لە ژیانێکی مەمرەو مەژی کە کردویانەتە نسیبی خەڵکی کوردستان.

ئێمە وەك فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی ئەم هاوکاری و پیشوازیکردنەی یەکیتی نیشتمانی کوردستان و دەزگاکانی، لەناردنەوەی پەنابەراندا بەتوندی مەحکوم دەکەین و هاوکات داوا دەکەین لە سەرجەم خەڵکی ئازادی خوازی کوردستان و نوسەران و ڕیکخراوەکانی مافی مرۆڤ لەپاڵ پەنابەرانی کوردستان و خیزانەکانیاندا بەگەرمیەوە ڕاوەستن و نارەزایەتی توند بەرامبەر بەم هاوکاریەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەربڕن و فشار بهێنن تا یەکیتی وپارتی دەست لەسیاسەتی هاوکاری کردنی ولاتانی ئەوروپا بۆ ناردنەوەی پەنابەرە کوردەکان هەڵگرن، بەتایبەتی کە تائێستاش سەدان پەنابەری کورد لە گرتووخانەی ئەم وڵاتانە بەدیارجێبەجێ کردنی شەپۆلێکیتری ناردنەوەی بەزۆرەوە ڕاگیراون.

**دەشتی جەمال**

**سکرتیری فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی**

**2008-6-18**

IFIR:PO.BOX1575,ILFOD, IG1 3BZ, LONDON UK Tel:0044 7856032991
00447895636633,0041787557786,004799387599,003584404464905
ifir2007@yahoo.com d.jamal@ntlworld.com www.csdiraq.com
www.federation.org